بۆ هەتایە
تامی ئەو میوەیە نەکەین
کە بەهەشت وەدەری کردین
وەرە لەژێر گەڵا نماوێکانی پایزێ
تامی خەتای وەنەوشەیی بگرین
ڕەنگی ئاوابوون بنۆشین
چی جوانترە
لەو خەتایانەی ئەمخەنەڕێ
چی خەتایەکی تر هەیە
وەکو خەتای ئەو حۆرییانەی
کە بەهەشت وەدەرم دەکەن





وەرە هاوڕێ
با لە ژێر وەرینی گوڵێک
تەفسیری هەڵاتنی ئادەم بکەین
وەرە تامی نمە سزایەکی حەوا بکە
بۆ تا هەتایە وێڵم کە
چیتر شوێن پێت هەڵناگرم
تینووی نمەیەکی ڕۆشنترم
لە ساتەکانی دابڕان
زەمەنێکی دوورە پەنا
خەونت بەوانەوە ئەدی
منیش ونبووی دەستی خەیاڵ

بێستانێک بووم پڕ لە خەتای
ئادەمەکان
گەڵاکانم وەکو هەوری چاوانم
سەرڕێژ لە غرور
ڕەنگم وەکو ڕۆژەکانی نەهاتنت
پڕ لە خەتا
مەزنتر لە گوناهی حۆرییەکان
خەتابارم
ڕۆشنتر لە بیری سپی کانیلەیەک
شەیداتر لە بینینم بۆ میهری خودا
وێڵم ئەکەی
ئاوەدانتر لە بێستانەکانی خواوەند
لە کۆشت ئەکەم





لە قوڕاوی بوونی ئەو پەنجانەی
یەکەمین گۆزەیان نەخشاند
بە بۆنی شەپۆلان کەوتووم
لە وشکبوونی ئەو چڵانەی
خەمیان بە ڕووما ئەهێنا
شوێن کەوتەی شەوارەی ڕووتم
ئاخر لەمە خەتا تر چی؟
کە دەمەوێ جێگای
حۆرییەکانی بەهەشت بگرمەوە

له ژێر دارێکی خەتابار
گەمەکانم
بە وەرینی تەمەن ئەشووشت
چاوەکانم نمە خەتایان لێ ئەڕژێ
ڕێ ڕێ خەتا جوانەکانم ئەگرمە بەر
بۆ زەمینێک
دوور لە حۆرییەکانی ئەودیو
سزای پەنجەکانی ئادەم
هەڵئەمژم و
تامی ئەو ڕۆژانە ئەدەم
کە چۆن شوێن پێی ئادەم کەوتم
***





بەم ناوەختە ژان ئەمگرێ
من بە کچێکی چاوکاڵی
سەرەڕۆوە
نەسیمیش
لە حەسرەتی ڕووم ئەشنێتەوە
لەم وێرانە ساتە دوورە
سەفەر ئەمبا و بەهاریش ڕەدووم دەکەوێ
بەم ناوەختە
بۆچی شوێن پێی ئادەم کەوتووم
ئەو هەمیشە بە پەنجەی داخ
خەتای جوانی گۆناکانم
ئەڕنێتەوە

لەم تاراوگەی خەونە قووڵە
خەو ئەمگرێ
سەفەر دەستێکم ئەبات و
لە بەهارم ئەتۆرێنێ
زەمەن وەرزێکم بۆ دێنێ
کە لە ئەتڵەسی ڕۆحمدا پێنجەمینە





باخەوانێک
پایزم ئەکاتە میوان
هاوڕێکەم سێوێکی جوانم تێدەگرێ
گوناهم لێ ئەچۆڕێت و
ئەبمە درەخت
لەگەڵ پرچی شۆڕەبییەک
پرچم ئەدەمە دەست باوە
لە مەفتەنی شەپۆلێکدا
دوو هاوماڵین
لەوێندەریش
هاژەی خەمی چاوەکانم
لێخن ئەکا

چیدی ساتە جوانەکانم
ناکەمە بەرچنەکانی ئادەمەوە
بەم ناوەختە
وەرزی پێنجەم کاسم ئەکا
سەفەر ڕۆحم ئاوا ئەکا
ئەی بۆ ئەڵێن
بە خونچەیەک بەهار نایەت
خۆ من بە چڵێ نێرگزی ناوەختانێ
سێبەرم کرد





بە خەندەیەکی ڕژاوت بووم بە گەڵا
گەڵایەک تامی بارانی ڕۆحم ئەدا
بەم ناوەختە گێلە جەنگاوەرێک دێت و
گەڵاکانم ئەوەرێنێ
پرچم بە پەنجە زەردەکانی شەن ئەکا
نازانم بۆ شەنی تاڵەکانی پرچم
دوایی نایە
بەم ناوەختە ڕۆژ ئەمژەنێ و
لە ترسی ئاوازەکانم
شەوم بەسەرا دائەکا

ئاخ نازانم بۆچی شوێن پێی ئادەم کەوتم
پەنجەیەکم چڵە حەسرەتی تەماشات
ئەسڕێتەوە
ئەوانی تر
بە ژمارەی خەتا جوانەکانمەوە





سەرقاڵن
ئەی بۆ ئەڵێن بە خونچەیەک بەهار نایەت
ئەوە نییە وەرزی پێنجەم لە ڕۆحی منەوە هەڵدێ؟
بەم ناوەختەژان ئەمگرێ
من بە کچێکی سەرەڕۆی بەر باران و
ئادەم بە چەپکێ حوزنی ڕووم
گەمەکانی دوایی نایە.......



پڕ چاوانم وەرزی تازەم لە بۆ بێنە

هەریەک لە ئێمە بەجۆرێ
ناپاکیمان بە عەشق کرد
هەریەک ڕەنگێکی سروشتمان
ئەدایە دەم ماچەکانی دوو دڵییەوە
ئاڵیی لێوم کاڵ چووەوە
هەر وشەکانی ڕاڕایی ئەخۆمەوە
گۆنام لیمۆیی چووەوە
تامی زەمەنم نەناسی





سورمەکانم
لە شەوی چاوم کردەوە
لەگەڵ ڕۆیینی ڕەنگەکان
حەسرەتی ڕووم پاییزی تر
دائەباری

هەریەک لە ئێمە بەجۆرێ
عەشقمان پاییز باران کرد
بێ پەنجەرە لە ڕەنگی خوامان ئەڕوانی
بەبێ ژووان نمەی ئاسمانمان خواردەوە
برژانگم نمەی ژیانی پایزی کرد
ئەوین لێوی کاڵ کردمەوە
هەریەکەو بەڕەنگی خودایەک
مەست ئەبین
ئاسمان وەکو ڕاڕایی چاوانم
زوو دائەکا





ڕیتمە نماوییەکانی نێوانمان
فێری درۆی پاییزییانەی کردین
فێری فرمێسکی ناوادە و
وەرینی ناوەختی کردین
هەریەک لە ئێمە بەجۆرێ
ساڵەکانی عەشقمان وەراند
هەریەکە و بەشەریعەتێک
فەتوای مەرگی عەشقمان دا

***

لە بۆ پرسەی چرکەیەکی وەک ڕۆحم وێڵ
باخێک ئۆغری لیمۆیی و
بزەی ژاکاو و
ڕەنگی زەرد لە ڕوو ئەدەم
هەریەک بەجۆرێ
تامی وەرزەکانمان ئەگۆڕی
هەر پاییزە و عەشقێکی وێڵ
وەرزێک لە سیمام ئەخوازێ
کە پرسەی وەرزێک دائەنێم





چاوم بە پرشە خەمی خەواڵوو و
لێوم بەدروودەکانی دوعا
ئەنەخشێنم
کە عەشق چوو
پێکەوە بوون
کوشتنی ساتە جوانەکانە
لە دووتوێی بیرەوەریمان
دابڕان
جوانبوونی عەشقە
ئاوێتە بوون

مەرگی هەناسە جوانەکانی
پێکەوەبوونە
تا چەندی تر پێکەوەبوون
تەنیا وەهمە ئاڵەکانی لێومان
ئەخواتەوە
خۆ ئێستا
زەمەن چاوەڕێی
هەڵوەرینی گوڵ و نمە و
ڕەنگەکانە
دوای هەرەسی عەشق و
ئۆغری ڕەنگەکان





ئەو ڕەنگانەی خۆشمان ویستن
چاوێکم لەناو پێکی دەسگیرانە نەفامەکانم
لێ جێما و
ئەوی تریشم
هەر لە ڕێ
لێوم بەلێوی ئادەمەکانەوە و
ڕەنگم بە ڕەنگەکانی وەرزی پێنجەم بەخشی

هەموو ڕۆژێ
ڕەنگێک ئەبەخشم بەپاییز
لێوم بەلێوی ئادەم و
چاوم لە پێکدا جێ دێڵم
هەموو ڕۆژێ سەر ئەکەمە
باخە دوورەکانی دیدار
ڕنگێکی تازەتر ئەگرم
وەلێ ئەسەف کە دێمەوە
لێوم لای تۆ و
چاوم لە پێکدا بیر ئەچێ





سیمام ئەڕژێتە ناو دەستت
ڕوخسارم هەورێکی وێڵە و
لێم ئەتۆرێ
لە پرسەی هەموو دوعایەک
ئەبمە وەرزێکی لیمۆیی
هاوماڵی پاییزێکی دوور
پڕ بەدەمت
ماچی پاییزییانەی ڕۆحم ئەوەرێنم
پڕ بە نیگات
درۆکانت ئەخۆمەوە

لێوان لە لێو لە بارانی ئەو خوایەی
چاوەکانم خومار ئەکات
لێت ئەبوورم
هاورێ بۆ ماچەکانی ئەمڕۆمان
وەکو دوا ترووسکەی چاوی دوعا
ساردوسڕن
بۆ تاموبۆی چرپەکانمان
نماوییە

***





بڕۆ پڕ بە چاوانم زستان و
پڕ بە لێوم وەرزی تازەم لە بۆ بێنە
ئۆغر لە عەشق بخوازە
نمە حوزن لە چاوانمدا بەجێ بێڵە
تۆش هەروەکو ئەوانی تر
پرشێ ئاهی وەنەوشەیی
لە دیدارم بکەرەوە و ئەوسا بڕۆ
تۆش وەکو تۆرانی عەشق
چەپکێ ئازار
لەسەر سینگم بەجێ بێڵە
تۆش هەروەکو ئادەمی ناو وەرزەکانم
یەک دوو نمە
چاوەڕوانی بڕژێنە چاوەکانمەوە و
ئەوسا بڕۆ

* دوعا؛ ئەو سونبولە جوانەی عەشقە، کە بەردباران کرا.



# تا ماڵی ئێوارانێک ئەچم

ئێوارەیەکی کۆنە ئاشنا
بەبای سەبا هاوارم بۆ ئەنێرێ و
بانگم ئەکا
بەڕێوەم و
ژیان هەورێکی تەریوە
لەچاوی منەوە هەڵدێ
هاتووم لەم تەمتومانی غوربەتە
پرچم بە بۆڵە بۆڵی
ئەم درەختە بشۆم





هاتووم چاوم لە بێ نازی
ئەم کانییە تینووە پڕکەم
لە زۆر زۆر
دوورەوە هاتووم
هاتووم بە روخسەتی مەرگ
ئەم ئێوارە خۆڵەمێشییەی
تەماشام
بەسەر وێرانەکانی جاراندا
بپرژێنم
کەچی ئەو مناڵێکی لاسارە
گەورەییم لە ژێر پێ ئەنێ و...

خۆی وێڵ ئەکا
ژیان سێبەرێکی رووتە و
لە ڕۆحی منەوە ئەڕژێ
هاتووم کراسێک لەم عەسرە
دابماڵم
گوڵە ونبۆکانی جاران
ئەمژاکێنن
کەچی ئەو خۆی لێم ون ئەکا...





وەکو ئاسمانم پۆشیوە
لێوم گۆرانی شین ئەگرێ
راوە عەسری ئەوسا ئەکەم
چاوم هەوراوی ئەڕوانێ
جار نەجارێ
قومێ لە هەناسەی ئەم عەسرە ئەدەم
سات نا ساتیش
بەدەم تەڕیی تەماشاوە
زامێکی تر
لەناو ڕۆحم داڵدە ئەدەم
زووبە هاوڕێ...

چوونە شاری ئێوارەکانی منەوە
زۆرتری لە تەمەن ئەوێ
وەکو ئاسمانم پۆشیوە
وەکو کانییەکە زوو ئەڕۆم
هاتووم ئەم ئێوارە دوورە
بۆ ناو جۆلانەکانی منالّیم
ببەمەوە
هاتووم لێوم
بە هەناسەی ئەم ساتانە ئاشت کەمەوە
لێ زەمەن  پێشم لێ ئەگرێ
زووتر لە کات ئاوا ئەبم
لە زۆر زۆر دوورەوە هاتووم
لەم تەمتومانی بارینەم
هاتووم قۆمی لەم تەنهاییە سەرگەرمە
بخۆمەوە





حەرامەکان لەبیرم کەن
لێرە تەنها سووریی زەمەن
لە روومەتەکانم ئەدەم
کەچی ئەویش زۆرێک نابات
بۆڵە بۆڵی لێوەکانم
ئەسڕێتەوە...

ڕەنگی جێماوی گوڵەکان
لە لێو ئەدەم
هاتووم لەم ئێوارە دوورە
تاوێ روخسەتی مەرگ بدەم
نیگاکانم لەگەڵ ڕۆیینی بێ حەزەر
هەڵئەڕێژم
لە فێنێکی ئەم عەسرەدا
قوم قوم زەمەن هەڵمئەدا
مێژوو فوارەی نەمانی لێ هەڵئەستێ
هاتووم خوڕەی بەخەبەری کانیلەیەک
خەیاڵم بەخەبەر بێنێ
بە چەپکێ خەنینەوەی تۆ خومار ئەبم
هەستە بڕۆین، کۆنە مەنزڵی ڕێبواران
تازە نابێتەوە داڵدە...





هاتووم لەم هەورەبانی عەسرەوە
سەرێکی ژووان بدەم وبتوێمەوە
وەلێ چاوم هەوراوی ئەڕوانێ و
لەم تەنهاییە سەرگەرمە
ئەخۆمەوە
رەنگی زەمەن ئەمخواتەوە
کەچی ئەویش زەرد ئەنوێنێ

گوڵ ئەچنم
ڕێگای جارانم لێ وێڵەو
خێراتر لە کاڵبونەوەم
وێڵم ئەکا
نا بەڵەدم
هاتووم وەکو ئاسمان بگریم
شین ئەپۆشم
سوور ئەپەیڤم





هاتووم
پرچم بە بۆڵە بۆڵی ئەم درەختە
سەوزکەم
ڕووم لە تینوێتی
ئەم کانییە بشۆم
کەچی گوڵە سورەکانیش
وەکو لێوم
کاڵ کاڵ زەمەن ئەژاکێنن

وەکو هەور سەرهەڵئەگرم

وەکو زەوی سەوز ئەپۆشم

لەم ئێوارە بێ داڵدەیە

بۆ قیبلەی جاران ئەگەڕێم

ڕێ دەرناکەم

نابەڵەدم

لەم دەڤەرەدا ون ئەبم





چوونە ناو ئێوارەکانی ڕوومەوە


زۆرتری لە زەمەن ئەوێ

کە دەیگەمێ زۆرێک نابا

خەمەکانی لەبیر ئەکا و

لە بێ ئارامی تەماشام

ئەتوێتەوە



# وەرزێک بۆ جەفا لێمگەڕێ

وەرزێک بۆ جەفا لێمگەڕێ
ڕۆژێکیش لە بۆ نووستنی ژێر دارەکان
نزیک سێبەری مریەمێک
عەسرانێکیش
بۆ تەڕبوونی بارانەکان
خەڵوەساتێ
لە ناو باراندا لێمگەڕێ
بەر دەرگای خەو بکە هاوماڵ
دەستم بدە دەستی سپی ئۆغرەوە
لە ناو زەمەنی کولێرا لەبیرمکە
پایزانێک هەنگاوەکانی بارانم پێ ئاشناکە
وەرزێک بۆ سێبەر لێمگەڕێ





بۆ بێنازی
بەهارێک وەخۆم بێنەوە
بۆ چنینەوەی ژووانی ژێر دارەکان
ماڵی بێ سێبەری دووری مریەمەکان
لەلای هەورێک لەبیرمکە وەرزی
ئۆغرم بۆ بێنێ
وەرزێک لە عەتری سەبووریم داببارێ
دوور لە چرپەچرپی شەوان دامگیرسێنە
دەمەو ئۆغرێک بمدوێنە

ڕەنگی بەفر و باران بگرم
وەرزێک لە ئادەم دامبڕە
لە پاییزی ڕووما وێڵبە
خەتا جوانەکانی لێوم لە کۆشی مریەم جێکەوە
وەرزێک بۆ وەفا لێمگەڕێ
سێبەرێکی سەوز ئەپۆشم
سروشت ئەکەمە دەسگیران
وەرزێک وەرە فێرە خەمی ڕۆینت بکەم
ڕۆین بەبێ ڕوخسەتی شەو
ڕۆین بە ڕێگا جوانەکانی خەتادا
ڕۆینێکی خواوەندانە لەگەڵ بادا
بە دەم ژانەکانی حەزەوە
ڕۆین بەدەم کوژاندنەوەی تەریقەتە





دەسکردەکانەوە
وەلێ
دووبارە ئەگەڕێمەوە کۆشی ئادەم
ئادەمێک لە سیحری ئۆغرێکم حەزەکانی
بەتاڵ ئەبێ
ئادەمێکی خەواڵووی عەرشی حەواکان

ئادەمێک بە دزی خواوە
سێوەکان لێ ئەکاتەوە و
سیمای پایزییانەی منی پێ ڕەجم ئەکات
بەهارێک وەخۆم بێنەوە بتناسمەوە
بۆنی ئادەمێکت لێ بێت
جیا لە ئادەمە سێو خۆرەکان
ئادەمێک ڕەنگی عەسرانم بدات لە لێو
هەر بە سێبەر دامبپۆشێ
خەڵوەساتێک
لەگەڵ باران لەبیرم کا





وەرزێک بە دیاری لێمگەڕێ
بۆ نووستنی ژێر دارەکان
سروشتێکی سەوزم پیادات
نزیک سێبەری مریەمێک..



# سەرکردەیەکی سەرمەست.. وڵاتێکی بێهۆش

وەکو جگەرە نیوە سووتاوەکەی
دەستت
بمدەرە دەم خۆڵەمێشە
بابردووەکانی ژیان و
خەیاڵبە پێم
هاوڕێ وەکو خەیاڵی بابردووی
جگەرەیەکی نیوە سووتاو
بمدە دەم باوە
بە درۆ جوانەکانی
بەر لە تێکەڵبوون





جوانترم کە و
لە لارێیانێکدا لادە
لادە و پارچەیەکی تری زەمەن
بە بوونم ئاوەدان کەوە
دامگیرسێنە و
بە هەناسەت
سوراوی لێوەکانی سەبووریم
کاڵ بکەوە
لەو لای وڵاتێکی خامۆشەوە
ئیمارەتێک دامەزرێنە
لە تاقێکی تەنیشتی بیرچوونەوەدا

مۆمێک بۆ یادی
ڕامانمان بەجێبێڵە
تۆزێک دوورتر
تەرمی شەڕە جوانەکانمان
لە ژێر حەسرەتە نەمامێک
جێکەرەوە
پڕ بە چریکەی کپی شەو
بمدوێنە
پڕ بە جەنگێکی دۆڕاوی
دوێنێ شەومان





بمخۆرەوە
حەرفە قەتیسەکانی غەمگینیم
لێک بدەوە
نمە نمی
چاوەکانم بکە بە خاڵی حاڵیبوون
وەکو جگەرە نیوە سووتاوەکەی
نێو دوو پەنجەت
بمدە دەست باوە
بە ئەمانەتەوە
پرچی یاخی بوونم شەن کە
مۆمێک بۆ دڵشکان پێکە

مۆمێک تەنها لە من بچێ
وەکو من
سەلارانە گڕبگرێ
وەک سەخاوەتی چاوانم
تیشک بدات
کە تەماشای دەڕژێتە سەر
جوانتر بگڕێ
بە دوکەڵی جگەرە نیوە سووتاوەکەی
دەستت





بەر لە نازی تورەم بگرە و
هێمنیم بەسەراداکە
دووکەڵم بەسەرا داکە و
بمژێنەوە
بە هەناسەت
ئاقاری ئەم دوو دڵییەم
ئاوەدان کەوە
بە لاچاوێک
لە چەند ساتێکم بخوازە
لەگەڵ نیشتیمانێکی بێهۆش و
سەرکردەیەکی سەرمەست و
نەفامی خۆت
بمکە هاومالّ
ئا لەوێدا

بێستانێکی بێ باخەوان
دامەزرێنە
سەوزاییەک
هێشتاکە بۆنی ئادەمی
نەگرتبێ
میوەکانی پاکیزە بن
سەرکردەیەک تەنها خەمی
ڕووی من و تۆ
سارد کاتەوە
سەرکردەیەک
کورسییەکانی گشت عەرشەکان
تێکبشکێنێ
زەوی بکات بە عەرشی خۆی
ئەڤیندارێک





بێداری بکات بە ماڵ و
لە جیاتی ئاو
نمەی ئەوین بدات لە لێو
نیشتیمانێکی بێ ئاڵا
تەنها گەڵا هەڵبدات و
تەنها عەشق بگرێتە خۆ
کەی نیشتیمانێکم لە دووکەڵ

بۆ چێ ئەکەی
دوور لە پیاوانی زۆرزان و
نزیک لە پرخەی بێداری
چاوەکانم بداتەوە
تەماشام بۆ بێنێتەوە
نەزرەکانم لێ قبووڵ کا
ئای خۆ چاوێکم دەفڕێ
دەبێ کام سەرکردەی نامۆ
بۆ نیشتیمانی دووکەڵاویم





بێتەوە
سەرکردەیەک
تەنها خەمی چیمەنەکان
بکات بە عەرش
لە جیاتی ئاو نمەی مەراق بخواتەوە
لە جیاتی قاقا و پێکەنین
چڵێ ڕۆمانسییەتی
چاوانم
بکات بە ئارمی دەسەڵات
هاوڕێ لە وڵاتی دووکەڵاویت

بمخەوێنە
تا خەونێکی دووکەڵاویت
گۆشم نەکات
مەملەکەتە خۆرسکەکەت
نابینمەوە
ژووانێکم لە بۆ سازکە
لە ژێر دارەکەی (مریەم) بێت





پایتەختەکەی
نیشتیمانێکی بێ هۆش و
سەرکردەیەکی سەرمەست و
عاشقێکی فەرامۆشی
تێدا بگری...



## زەمەنیش وەکو ئادەمێ رایوەشاندم

کە نەهاتی زەمەن توونـد توونـد
وەکو بازووی ئادەمەکان ڕایوەشـاندم
لە خەمـی دوریـی ئێواران
گەڵاکانی جەستەم وەرین
لە هەڵچوونی زنەی چاوم
باران وەک بینایـیم ڕژا
وەک شۆڕەبی بەسەر گوناهی ئادەمان
لار بوومەوە





لە حەشـمەتی کاڵبوونەوەی وەرزەکانم
چرپەکانم بوونە پاییز
ڕوانینم مەیلی خەزان و
لە خۆچوون تا ئەبەد ئەکا
عەشـقم لە خەونی دەریاوە
دەست پێ ئەکا

قەراربوو هاوڕێ بێیت و شادی بێنی
لەسەر بەرد نوێژی ئێوارەیەکی هەراسان
چرپەکانت لە لێو بدەم
خەندەیەکی مەیلە و ئاڵت
بکەمەوە بە نیشتیمان
ڕەنگم لە بێ بەڵێنی چاوانت





لیمۆیی بوو
بوومە باڵایەک لە گەڵا
بوومە دارستانێک لە میوەی حەرام و
هەر وەرزە و
وڵاتی داگیرکەرێکی نەفام بووم
سەرم خولکەی خەونی بەتاڵی پیاوان و
ڕۆحم زبڵدانی مێژوو

***

لە خەونمدا
کانییەک بووم
خەونی دەریا پیرەکانم ئەشوشتەوە
ڕەنگی مەراقی باڵدارم لە قژ ئەدا
هەمیشە ئۆغر و ئۆغر
سەفەر لە مەرگی گەڵاکانمەوە
دەستم ئەگرێ و
تا دەرگای پاییزم ئەبا
وشەکانی چاوەڕوانی بە لێومەوە
بوونە تامێسک و نەهاتی
تاولەرزی فیراق گرانە و
دەرنەکەوتی
چاوم ئەفڕی





نمەی عەشقم ڕژایە ناو
پێکی شیعرێکی دەستمەوە
بۆ چەند ساتێک توامەوە
کە نەهاتی دیسانەوە خەتایەک بوو
کە زەمەن تووند ڕایوەشاندم
باران وەک بیناییم ڕژا
چوون شۆڕەبی بەسەر گوناهی
ئادەمان ورد ورد ژاکام
چاوم وەکو نەبینییت
لێڵ داهات و
دەرنەکەوتی
شیعرێکی ڕوونم نۆشیوە

پڕە لە بێداری
تریفەی مانگ
وەک نەسرەوتنم کەوتەڕێ
هەر نەتوت دیدەنیت بە خێر
ئەم سەفەری خاک و بانە
تەماشام بۆ دوورتر ئەبا
پێیەکانم لە دوام نایەن
جێ ئەمێنم
عەشقێکی ڕووتم پۆشیوە
وەک تۆ هەراسانم ئەکا
لە خەونێکم خواردۆتەوە





تامی ئاوم لێ ئەگۆڕێ
حەرفێکم لە بزەی خۆمدا
ون کردووە
لە رۆحی تۆ بۆی ئەگەڕێم
وەلێ هاوڕێ
تا لێوم نەکاتەوە مەئوا
نایەمەوە
خۆ قەرار بوو
وڵاتێک گەڵای وەریوم تیا جێبێڵی
عەشقم لە بێ بەڵێنیت ژاکاوە

هەردەم
سەفەر
سەفەر
ڕۆیین سەفەر، هاتن سەفەر
نوستن سەفەر
بەدەم هەنگاوەکانی عەشقەوە
ئەڵێم ئۆغر





کێ نیاندەرتالێکی دیوە
چاوانی لێزمەی نەزەری
لێ ئەچۆڕێ
لە پرسیاری ڤالیاکاندا(*)
هەراسانە
لێوی تامی چرپەکانی منی لێ نیشتووە
هەمیشە چاوێکی ئەفرێ
دەمی وشکە بەڵێنی مێژووی لێ ئەڕژێ

(*) سوودم لە "کەڤالیا لێم دەپرسێ" وەرگرتووە.

گۆناکانی جێ چڕنوکی
مەعشەری حەواکانی پێوەیە
لە سەردەمی ژووانەوە بەڕێوەیە
سیمای پڕە لە ئاوابوون
شیعرێکم نۆشیوە
لە مەستی چاوانت ئەچێ
تاولەرزی فیراق دایگرتم
وشەکانی چاوەڕوانی
بە لێومەوە بوونە تامێسک و نەهاتی
خۆ قەرار بوو





شەوی ئاوەدانی دوور و
چرپەی ژووانم بۆ بێنی
کە نەهاتی
چیتر نەڵێی
هۆ کچە کورد
لەکوێ فێربووی
وەها پەیمان شکێنی

## پێڕست


گوڵە پایزییەکان ڕەنگیان بردی ..... 5
خۆم و مەملەکەتی شیعرم مەڕوخێنە ..... 15
لە ئارامیم سەبر بگرە ..... 41
پێکێک زەمەن درەنگ بخات ..... 59
چاوەکانم بوونە بە مۆڵگەی باران ..... 73
لە شەرابی لێوی مەراق دەخۆمەوە ..... 89
هەشت خەون لە چاوی گەرمیاندا ..... 95
خەونی بیابان لە دییەم نابێتەوە ..... 105
پیاڵەیەکی پڕ لە ژیان ..... 121
داغستانێک لە ئاڤۆدا ..... 135
شەوە دوورەکانی ئاڤۆ ..... 141
هەورەژنێک چاوەکانی لە گەڵایە ..... 151
دەژاکێم و تیشک دەدەم ..... 163
باڵەفڕەی ناو ژوورەکانی ئەوساکە ..... 171
بۆ دەبێ کاڵ ببمەوە ..... 185
نازە مەیلەو لیمۆییەکانی روخسارم ..... 191
خەتام کرد شوێن ئادەم کەوتم ..... 201
پڕ چاوانم وەرزی تازەم لە بۆ بێنە ..... 223
تا ماڵی ئێوارانێک ئەچم ..... 237
وەرزێک بۆ جەفا لێمگەڕێ ..... 251
سەرکردەیەکی سەرمەست.. وڵاتێکی بێهۆش ..... 259
زەمەنیش وەکو ئادەمێ رایوەشاندم ..... 273